کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15:43 11-6-2007بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## گۆشت بۆنانەوا و داریش بۆئاسنگەر؟؟؟ ... مستەفا قایتەوەنی

کوردی ناتۆرلەکەرکوک – تکریت
شارەزا لەپەیوەندی پارێزگاکان

من نەباوکم ڕۆژنامەنوسێکی دیاربووەونەدایکیشم ئەوخوێندەوارەیە بەڵکوکوڕەجوتیارێکم بەهۆی باردۆخەوە فێری شتێك بووم لەئیعلام هەندێك جارلەڕۆژنامەوزۆرجاریش دەزگاکانی ڕاگەیاندن جاچ تەلەفیزیۆن بێت یاخودڕادیۆ و زیاتریش سایتەکانی ئینترنێت دەخوێنمەوەو دەبیستم و دەبینم هەر ڕەخنەیەو دەگیرێت و بیرلەچارەسەر ناکرێتەوە، جائەوەندەڕەخنەکان توندو زیادلەپێویستن بابەتە کان تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن و وسەرلەخوێنەر و بینەرو گوێگرتێك دەدرێت، ماوەیەکە هەندێك بەرپرس لەکەرکوك لەدەزگاو میدیاکانی کوردستانەوە باسی کوردستانیەتی کەرکوك دەکەن و بەشان و باڵی ئەم شارەدابڕاوەی کوردستانداهەڵدەدەن بی ئەوەی ڕۆژێك لەکەرکوك خۆیان بەئاشکرادەرکەون یاخوددروست ترو ڕاشکاوانەتر بڵێن بوێرن گەڕەك و کوچە و کۆڵانە کانی بەسەر بکەنەوەو لەخەمی ئەو خەڵکە بزانن ئەم شارەجوان و کوردستانیە لە ماوەی دوای (4) چوار ساڵی ئازادیدا خەڵك چی دەخوازن چی یان دەوێت، هەندێك کەس بەناوکەوتوونەو بەبی ئەوەی دوورو نزیك باروودۆخی کەرکوکیان هەڵسەنگاندبێت یەك سەر هێرشێکی ناڕەوادەکەنە سەر ئەم ئەم لایەن یاخود ئەو لایەن و فلانە مەسئولی ئیداریمان لاوازە ئیعلام نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی ببینێت ڕاستیەکان بڵاوناکەنەوە پشتگیری لەبەرنامەکانمان ناکەن سیاسەتێکی هەڵە یان گرتووە زۆرشتی دیکە هتد... ئەمە تائێرە ئەوقسانەن کەوەك ڕەخنە دەگیرێن لەوڕۆژنامەنوسانەی کەلەکەرکوکدا کاردەکەن یان ئەو بەرپرسانەی کەمل نادەن بۆ دروستکردنی تەجاوزات و نابنە داردەستی بەر بەرەکانی تەسکی حزبیانە و من دەتوانم بەمافیای ناوببەم چونکە هەر حزبێکی کوردستانی پەیام و نەهج و ئایدۆلیژیاکەی بەکوردستانی بوون بەخەڵك گەیاندووە کەچی لەکەرکوك حزبەکانی ئێمە ئەوەندەی بیر لەبەرژەوەندی تەسك و شەخسی دەکەنەوە ئەوەندە بەرژەوەندی بەرزی کوردانەو کوردستانیان لاگرنگ نیە و پرۆگرام و ئەجیندای (4) چوار ساڵ گەواهیدەری زۆر ڕاستین، کەچی بەرپرسانی سیاسی کەرکوك دەستی چەوری موحتەرەمانە بەئیعلامیەکان و بەرپرسە ئیداریەکاندادەسڕنەوە من ئەوە دەپرسم کاکی بەرپرسی کورد ئێوە دەزانن چەندکارمەندلەکۆمپانیاکانی نەوت و غازدا هەیە دەزانن ژیانی ئەو خانەوادە ئاوارانە لەچ تراژیدیاکدایە دەزانن خەڵك چەند بەداخە لەسیاسەت و بەرنامەی (4) چوارساڵەتان دەزانن چەند هەزارخانەوادەی کوردی دەرکراوی ئەم شارەتان فریوودراوە لەسەر بۆری نەوت و غاز زەوی تەجاوزتان پێداون دەزانن ئێستا بستی زەوی نەماوە بۆدروست کردنی نەخۆشخانەیەك بۆپرۆژەیەکی ئاو بۆقوتابخانەیەك دەزانن ناوی پیرۆزی دەیان سەرکردەی ئەم وولاتە تان سووك کرد بە ناونانی گەڕەکە تەجاووزەکان خەڵکی شارەکە دەزانێت هەر بەرپرسێك چەند خانووی دەبڵ ڤایلۆمی هەیە و چەند حسەی نەوت و غازو بەنزینی هەیە خەڵکی ئەو شارە بەستە زمانەش لەسەر دەریای نەوتن وسوتەمەنی لایان دەرمانە، ئەم بەرپرسە بەڕێزانە ترافیکی هاتووچۆدەخوێننەوە خۆئەمانەش هەموو خەتاو سوچی بەرپرسانی ئیداری وئیعلامیەکانە برادەرێی ڕۆژنامەنوس لەچاوپێکەوتنێکدا گووتی (دووتیپی تۆپانی ئەگەر یەکێیان لەمەیدانادۆڕان لەگێمی یەکەمدا بۆگێمی دووەم لەوچارەکە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پشووەی کەهەیانە خووتەو بەرنامەکەیان دەگۆڕن) ئێمە لە2003/4/9 وە هەر ئەم قسانە دەکەینەوە کەرکوک کوردستانە خوێنمان بۆڕشتووە ماددەی (58) قانوونی ئیدارەی دەوڵەی عێراق دەبێت جی بەجی بکرێت دوای بووبە (140) پێم وایە ژمارەکەی گەورەتریش دەبێتەوە وابزانم ئەمانەی کەباسمان کرد هەمووی تاوانی ئیدارەن یان تاوانی ئیعلامیەکانە کەنەیانتوانیوە ڕۆڵ ببینن لەبەخشینی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی بیری ڕۆشنبیری ئەمە کاری ئیعلامە یان ئیدارە یان تنزیم و ڕێکخستن، کورد دەمێکە گووتویەتی (نان بۆنانەواو گۆشتیش بۆقەساب) عەرەبیش گووتویەتی (شخص مناسب فی مکان مناسب)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.